# KURDISH DIASPORA

تاراوگه بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچیت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگه TARAWGA

**20 Februari. 2019 No. [32]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

تەورێک دەربارەی وەرگێڕان، شکور مستەفا و عەزیز گەردی دوو کەڵەوەرگێڕی نێو ئەدەب ڕۆشنبیری کورد، وەک نموونە..! سەلاح حەسەن پاڵەوان..ل 1

نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێک بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری – بەشی پێنجەم وکۆتایی – دکتۆر جەبار قادر.. ل 2 و 3

کاتێک نووسەرێکی بە ئەزموونی وەک محەمەد فەریق حەسەن باسی ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان دەکات...! – ل 4

"کێشەکانی تێکەڵاوبوون (ئینتەگرەیشن–Integration)ی بێگانە لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا"....ل 5 تاریق هێدی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عوسمان نەسرەوت..ل8



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

20 Februari 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 32
20 فێبریوەری 2019

# تەوەرێک دەربارەی وەرگێڕان،شکور مستەفا و عەزیز گەردی دوو کەڵەوەرگێڕی نێو ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد، وەک نموونە..!

هەوڵ دەدەین لەم ژمارەیەوە، هەر جارەی تەوەریەک بکەینەوە، هاوکاری ئازیزمان نوسەر و وەرگێڕی بە ئەزموون، کاک سەلاح حەسەن پاڵەوان، کە خاوەنی جەندین کتێب و دەقی باڵای وەرگێڕانە، لە وڵاکەی خۆیدا، دەربارەی شکور مستەفا و عەزیز گەردی دوو کەڵەوەرگێڕی نێو ئەدەب و ڕۆشنبیری کورد، تەوەرەیەکی کردۆتەوە ئاماژەی بەوەداوە، جیاوازییەکە لەوێدایە، کە شکور مستەفا زۆر دەوڵەمەندترە لە واژە و وشەی ڕەسەنی کوردی. عەزیز گەردی لە زمانی خەڵکی سادە و سەرشەقام، شکور زمانێکی گوندی دەوڵەمەند، گەردی زمانی ژیانی ڕۆژانەی هەموو کوردێ. باشە لە ڕووی جەماوەرییەوە، ئەوەندە خەڵکی لە گەردی چێژ دەبینێت و تاقەتی خوێندنەوەی کارەکانی هەیە..؟ ئەو ڕێژەیە، تا ڕادەیەک لای شکور کەمترە، دەبێ نهێنیەکە لەچیدا بێت؟! هەندێ لە نوسەران خوێنەران لە وڵاکەی سەلاح حەسەن پاڵەواندا، ئەم دوو نوسەرە ناسراوەی کورد هەڵدەسەنگێنن، هەریەکە و لە بیروبۆچوونی خۆیانەوە بابەتەکەیان لێکداوەتەوە، تاراوگە پێی باش بوو، لێرەدا ئەو کورتە گفتۆگۆیانە بخاتە ڕوو.

دەوەن مەعروف: جیاوازییەکە لەوەدایە، مامۆستا گەردی، زیاتر دەستی بۆ وەرگێرانی ئەدەبی بێگانە بردووە. مامۆستا شوکور مستەفا، زیاتر کاری لەسەر چەند دەقێکی یەشار کەمال کردووە، ئەمەش وایکردووە، کە زیاتر بەرهەمەکانی مامۆستا گەردی بخوێندرێتەوە. لە نوێترین کاری مامۆستا گەردیدا، لەسەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مامۆستا گەردی، ڕەخنەی باشی لە مامۆستا شوکور مستەفا گرتووە.

سەلاح حەسەن پاڵەوان: کاک دەوەن ئەو کارە نوێیەی گەردیم نەدیوە، لە کوێ هەیە و ناوی چییە، پێمخۆشە بیخوێنمەوە، دەستخۆش.

دەوەن مەعروف: شرۆڤەیەک بۆ دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. زۆر جوان و دانسقەیە نوێترین کتێبی (ناوەندی ئاوێرە)، کە چاپ و بڵاویکردۆتەوە..




سۆران نەجمەدین: کاک دەوەن پێموانییە، گەردی وەک مەلاشوکر زمانزان و شارەزای زمانی کوردی بێ... وەرگێڕانی بەشێک لە کتێبە تورکیەکان بۆ کوردی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو بابەتە دەردەخات. زمانی شوکر تایبەت و جێکەوتی لەسەر ڕێنوس و ستانداربوونی زمانی کوردی هەیە.. نەک ئەو زمانەی گەردی کە تێگەیشتنی پێویست بەماندوبوون ناکات.



عەزیز گەردی



شکور مستەفا

دەوەن مەعروف: بەڵێ زۆر ڕاستە. گرنگە نەک تەنیا بۆ زانیاریی و سوود وەرگرتن، بەڵکو بۆ شێوازی نووسین و زمان. بەدڵنیاییەوە کاکە سۆران وایە! بەڵام لەبیرمان نەچێت، گەردیی زیاتر ڕۆدەچووە نێو ئەدەبی بێگانەوەو دەستی بەهەرچی گەشتبا دەی کردن بە کوردیی. ئەو ساڵانەی مامۆستا شوکور لە کۆڕی زانیاریی بوو، بەرهەمی کەم بوون، چونکە سەرقاڵی کاری کۆڕی زانیاریی بوو.

لوقمان کەرکوک: شوکر مستەفا هەموو دیالێکتە کوردییەکانی دەزانی ئەمەش وای کردبوو، کە وەرگێڕانەکانی هەموو دیالێکتەکان لەخۆبگرێت. ئەمە ش خوێنەر ماندوو دەکات.

سەرکەوت تارۆ: بەڵێ هەردووکیان باڵان بەڵام هیچ شێوازێکی نووسین، وەرگێڕان..هتد لە یەک ناچن. لە هەندێ جۆری بابەت و دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەری تایبەت وەرگێڕانی مەلا شکورم پێ باشترە و لە هەندێ جۆری بابەتی کە، ڕۆمان، چیرۆک عەزیز گەردی، کاتێ کە ڕۆمانی کاریتە یا ئەودیوی چیا بڵاو بووەوە دووجار زۆر بە ئاستەنگ خوێندمەوە بەڵام چێژم لێ نەبینی، کەچی حەمەدۆگی وەرگێڕانەکەی عەبدوڵڵای مەلازادە لە بەرتامی زمانەکەی نەمدەتوانی دەسبەرداری بم، دەستان خۆش.

سەلاح حەسەن پاڵەوان: ڕاستە بەڵام (کاریتە و ئەودیوی چیا) کەی یەشار کەمال، بە ئەسڵەکەشی کەمێ وشکە، ڕۆمانێکی دەشتەکیانەیە، پێموایە شکور مستەفا توانیبووی ئەو ڕۆحە لادێیەیەی ناو ڕۆمانەکە، بەجوانی لە زمانە تورکییەکە بکاتەوە بە کوردی، دیارە شێوازی هەندێ نووسەر لەگەڵ یەکێکی تردا، جیاوازی هەیە، بەڵام خۆشی وەرگێڕان، هەمیشە مەرج نییە دەستپاک یان پارێزگاری ڕۆحە ئەسڵیەکەی کردبێت.

سۆران نەجمەدین: پێموایە زمانی مەلاشوکر دەوڵەمەندتربوو.. شوکرمستەفا بۆخۆی کابرایەکی مەوسوعی بوو، لەڕووی زمان و زانیارییەکارەکانی جێی بایەخن.. وەلێ گەردی لەسەردەمێکی دی و زمانی سادەوساکاری خەڵک پەیڕەو دەکات، لە وەرگێڕانەکانیداو بەبێدەنگی خەریکی کاری خۆیەتی.... وێنەکانی مەلا شکور و د. عەزیز گەردی لە واڵی ویکیپیدیاوە وەرگیراوە.

# نەوتی کەرکوک: چەند ساڵێك بەختەوەری و دەیان ساڵ دەردەسەری

## - بەشی پێنجەم و کۆتایی - دکتۆر جەبار قادر

لە بەشەکانی ڕابردوودا ئاماژەم بە هەندێ دەستکەوت و خزمەتگوزاری کرد، کە کۆمپانیای نەوت لە سەردەمی دەسەڵاتی بیانیدا پێشکەشی کەرکوکی کرد. بەداخەوە لەو سەردەمەشدا بە هۆی کۆمەڵێ هۆکارەوە، کوردانی کەرکوک لە خێر و بێری نەوت پشکی هەرە کەمیان بەرکەوت. بەڵام لە ئەنجامدا گەشەکردنی ئابوری و ژیاری شار کاریگەری خۆی لە سەر کوردیش دانا. ساڵانی دواتر کاتێ دەسەڵاتی "نیشتمانی" دەستی بەسەر سامانی نەوتدا گرت، بەشی کورد هەر پەراوێزخستن و بێبەش کردن نەبوو لە خێر و بێری نەوت، بەڵکو وێرانکردنی ئاواییەکانی، تێکدانی هەزاران خانوو لە گەڕەکی کۆماری، پاکتاوکردنی ڕەگەزی، پەرەسەندنی میلیتاریزم و دیکتاتۆری، هەڵگیرساندنی شەڕ و شوڕ و دەیان کارەسات وماڵوێرانی بەسەر کوردا بەگشتی و کوردی کەرکوکا بە تایبەتی هێنا. چارەکە سەدەی یەکەمی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کەرکوکی لێ دەرکەی، ئەوا ساڵانی دواتر ئەمڕۆشی لە گەڵدا بێت هەموو لێکەوتە نەرێنی و وێرانکەرەکانی نەفرەتی نەوت لە ژیانی کوردی کەرکوکدا بە زەقی بەرجەستە بوونە. پێموایە ئەو بەکارهێنانە عەقڵانییەی نەوت لە سەردەمی پاشایەتیدا و بەکارهێنانی داهاتەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی بریتانی، نەک هۆشمەندی و دووربینی کاربەدەستانی عیراق. لەو سەردەمەدا لە عیراق بە هاوکاری داگیرکەری بریتانی، کە لە دوای ساڵی ١٩٣٢ فۆرمی هاوپەیمانی ستراتیژی وەرگرت، هەندێ دەزگا و دامەزراوە لە ماوەی چل ساڵدا دامەزرێنران، کە زەمینەیان بۆ ئەو بەکارهێنانە عەقڵانییە خۆش دەکرد. لە سەردەمی کودەتا سەربازییەکان و بە تایبەتی لە ساڵانی دەسەڵاتی بەعسدا هەموو ئەو دامەزراوانە یا بە تەواوی لەبەین بران یا ناوەڕۆک و جەوهەری خۆیان لەدەستدا. ئیدی لەو ساتەوە بەکارهێنانی ملهوڕانە و ناهۆشمەندانەی داهاتی نەوت دەستی پێکرد. ئاکامەکانی ئەو بەکارهێنانە دامەزراندنی سیستەمی تۆتالیتاری خوێنڕێژ، بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر بۆ چەک کڕین، ملیتاریزەکردنی کۆمەڵگا، بەهێزکردنی تۆڕی سیخوڕی و هەواڵگری، ئاژاوە نانەوە و شەڕ هەڵگیرسانن لە نێوخۆی عیراق و ناوچەکە. هەندێ کەس بەراوردی عیراق و میرنشینەکانی کەنداو دەکەن و دەپرسن: ئەی بۆ نەفرەتی نەوت ئەو وڵاتانەی وەک عیراق نەگرتەوە؟. بۆ لەوێ داهاتی زۆری نەوت بوو بە مایەی خۆشگوزەرانی و سەقامگیری؟. دەکرێت لەم بارەیەوە ئاماژە بە هەندێ فاکتەر بکەین. سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە لە دەسپێکی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوو، لە کاتێکدا عیراق، ئەگەر بە ناویش بێت لە ساڵی ١٩٣٢ دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بوو. واتا چل ساڵ جیاوازییان لە بەینا بوو. کشانەوەی بریتانیا لە میرنشینەکانی کەنداو بە ڕێکەوتن بوو، واتا لەوێ داگیرکەری ڕابردوو بوو بە هاوپەیمان و ڕێنماییکەر. بە ڕاوێژ و ڕێنمایی و پاراستنی ڕۆژئاوا ئەو دەوڵەتۆکانە لە گەڵ داهاتی نەوتدا هەڵس و کەوتیان کرد و کردیان بە مایەی گەشەکردنی ئابوری و سەقامگیری سیاسی. بە پارەی زۆر و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگاکانی خۆیان ملکەچ و تەمەڵ کردووە. لەو میرنشینانە ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئاستێکی زۆر دواکەتوودان. کرێکار و کارمەندە بیانییەکان نامرۆڤانە هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکرێت، بونیادی دواکەوتووی خێڵەکی بە توندی پارێزراوە. لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی لە عیراق بە هێز و کودەتای سەربازی سەروژێر کرا. لەو کاتەوە نا سەقامگیری و پێکدادانی هێزە جیاوازەکان بوو بە دیاردەی سەرەکی لە ژیانی سیاسی گەلانی عێراقدا. لە کاتێکدا میرنشینەکانی کەنداو چارەنووسی خۆیان بە بریتانیا و دواتریش ئەمریکاوە گرێدا، عیراق لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا بە دروشم و دروشمبازی دوژمنایەتی ڕۆژئاوای دەکردو و لە هەڵبەز و دابەزدا بوو لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. سەربەخۆیی میرنشینەکانی کەنداو هاوتەریب بوو لە گەڵ هەڵکشانی نرخی نەوتدا. ئەو هەڵکشانەی نرخی نەوت داهاتێکی زۆری بۆیان دابین دەکرد. لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی دانیشتواندا. بریتانیا هاوپەیمانی هۆز و بنەماڵە خاوەن پێگەکان بوو لە کەنداو، دوای کشانەوەشی دەسەڵاتی ڕادەستی ئەوان کرد، تا ئێستاش ئەو هۆز و بنەماڵانە خاوەن هەموو دەسەڵاتەکانن لەو میرنشینانە. بە کورتی بونیادی بەهێزی خێڵەکی، کڕینی خەڵک بە پارە و داهاتی زۆر باری ئەو میرنشینانەی ڕاگرتووە. لە بەرامبەردا عیراق لە کۆمەڵێ خەڵکی خاوەن خەون و خولیای جیاواز و ناکۆک و تەنانەت دژ بە یەک پێکهاتووە، کە هەمیشە سەنگەریان لە یەک گرتووە. پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی ناسیۆنالیزمی توندڕەوی عەرەبی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا دەبوایە کاردانەوەی توندی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی لێ بکەوتایەتەوە. قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیش لە لایەن کەمینەیەکی عەرەبی سوننەوە نەدەکرا ناڕەزایی و توڕەبوونی شیعە و کوردی لێ نەکەوێتەوە. باوەڕێکی وا لە ئارادایە کە دەڵێت ئەو وڵاتانەی سیستەم و دامەزراوەی جێگیریان هەیە و خاوەن ئەزموونی دیموکراتین، کاتێ نەوتیان تێدا دەدۆزرێتەوە بۆیان دەبێتە خێر و بێر. بۆ دروستی ئەم بۆچوونەش نۆرویژ، بریتانیا، ئەمریکا و کەنەدا ..تاد وەک نموونە دێننەوە. وڵاتانی ناسەقامگیر، نادیموکراتی، بێ سیستەم و دامەزراوەی جێگیرش، نەوت بۆ زۆربەیان بووتە هۆی نەهامەتی، ماڵوێرانی و شەڕ و شوڕ، دەوڵەتانی وەک عیراق، لیبیا، ئێران و نایجیریا ...تاد نموونەی زەقی ئەم جۆرە دەوڵەتانەن. هەندێ کەس پێیان وایە ئەوە بەخششی خوداوەندە کە نەوتی بەخشیوە بە وڵاتانی دیموکراسی و خاوەن دامەزراوەی جێگیر بۆ ئەوەی گەشە بکەن و گەلەکانیان لە خۆشگوزەرانیدا بژێن، وەک دیک چینی دەیوت. دیوەکەی دیکەی ئەم وتەیەی دیک چینی دەبێت ئەوە بێت، کە نابیت لە دەرەوەی خۆیان وڵاتانی دیکە خێر لە نەوت ببینن، بۆیە دەبێ هەمیشە نادیموکراتی و بێ دامەزراوە و دەزگای جێگیر بن و لە ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوەدا



بمێننەوە. لەم بارەیەوە وتەکانی ئیدریس سنوسی شای پێشووی لیبیا جێگای تێرامانن کە وتبووی خۆزگا ئاوتان دەدۆزییەوە کاتێ موژدەی دۆزینەوەی نەوتیان پێدا. لە سەردەمی کۆڵۆنیالی و پاشایەتیدا کۆمپانیای نەوت هاوکاری ئەو خاوەن زەوییانەی دەکرد کە نەوتیان تێدا دەدۆزرایەوە. قەرەبوو دەکرانەوە و دانیشتوان وەک پاسەوان و کرێکار دادەمەزران. بەڵام لە کاتی دەسەڵاتی بە ناو نیشتمانیدا نەک هەر قەرەبوو ناکران و دانەدەمەزران، بەڵکو ئاواییەکانیان وێران و خۆشیان سەرگەردان دەکران. دەسەڵاتی بەعس ئاوایی گەلێکی ڕووخان نە نەوتیان تێدا بوو و نە نزیکی ئەو شوێنانەش بوون کە نەوتیان تێدا دەردەکرا. لە قەزای دوبز (دبس) "٢٢" ئاوایی کاولکران و دانیشتوانیان ڕاگوێزران، کە ئەمانە بووون:(قەرەدەرە، عەمشە، مەرعی، قەڵاعەربەت، کتکە، قوتان خەلیفە، قوتانی ئەکراد، شێخان، نادر ئاوا، دڕکە لوردەکان، تەرهیبە، عەلانجیر، مامە، شیرناو، تەق تەق، کونەڕێوی، چەخماخە، مەلحە و سمایل ئاوا). ئەو ئاواییانەشی کە سەر بە قەزای ناوەندی کەرکوک بوون و ڕوخێنران ئەمانە بوون:(شۆراو، گورگەچاڵ، سونەگولی، یارولی، پەنجاعەلی، وەلی پاشا، قزڵقایە، جەوەڵ بۆر، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە و بجوان). بەعس هەرەسی ١٩٧٥ بە دەرفەتێکی زێڕین زانی بۆ ئەوەی پڕۆسەی بەعەرەبکردنی کەرکوک بە ئاشکرا و بە بەر چاوی دونیاوە جێبەجێ بکات. بۆ نموونە بەپێی بڕیاری(٣٦٩)ی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش لە ٣١ ئازاری ١٩٧٥ دەست گیرا بە سەر زەوی و زارێکی زۆردا و هەموو کران بە ناو کارگێڕی خۆجێی پارێزگای کەرکوکەوە "الإدارة المحلية" بەرامبەر بە دوو دینار و نیو بۆ هەر دۆنمێک. بەعس ئەم کارە ناڕەوایەی بە پاساوی نزیکی ئەو زەوییانە لە ناوچە قەدەغەکراوەکانی کۆمپانیای نەوتی عیراق دەکرد و گوایە بۆ بەرژەوەندی گشتیی تایبەت بە دەرکردنی نەوت و دامەزراوەی سەربازی. ڕووبەری ئەو زەوییانەی بەر ئەم بڕیارە کەوتن"٢٧٠٠٤٤" دۆنم بوو لە دوبز، کەرکوک و قەرەحەسەن، یایچی، تازەو خورماتو. کاربەدەستانی بەعس داهاتی نەوتیان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ستەمکار بەکارهێنا، گەلی کوردیش یەکێ لە ئامانجە سەرەکییەکانی هەموو سیاسەت و کردەوەکانیان بوو. لە بواری دوژمنایەتی کوردا بەعس هەموو سنوورەکانی بەزاند. هەر لە ساڵی ١٩٦٣ دوای ئەوەی لە ٨ شوباتی ئەو سالەدا دەسەڵاتی گرتەدەست ژمارەی ئەو گوندانەی وێرانی کرد لە هەردوو کێڵگەی کەرکوک و بای حەسەن گەیشتە (٣٨) ئاوایی. لە گەڵ وێرانکردنی ئاواییەکانیاندا ئەوانەشی وەک پاسەوان و کرێکار کاریان دەکرد دوورخرانەوە و ڕاگوێزران. لە هەمان کاتدا دەست کرا بە دەرکردنی کرێکار و کارمەندانی کورد لە کۆمپانیای نەوت، لە ماوەی پێنج ساڵدا(١٩٦٣ –١٩٦٨) زیاتر لە(١١٥٢) کرێکاری کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک دوورخرانەوە. لە کاتێکدا کرێکارە کوردەکان دەردەکران یا بۆ شوێنی دیکە دەگوێزرانەوە، خەڵکی تر لە دەرەوەی پارێزگای. کەرکوکەوە دەهێنران و جێگەیانیان دەگرتەوە..

بڕوانە ل 3

# پاشماوەی..نەوتی کەرکوک - بەشی پێنجەم و کۆتایی - دکتۆر جەبار قادر


بەعس تا دوا ڕۆژەکانی دەسەڵاتی لە عیراق دەستی لەو سیاسەتە هەڵنەگرت. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بڕیاڕی(٧٦) ی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش بکەم لە ٧ شوباتی ٢٠٠٠، واتا تەنها سێ ساڵ بەر لە نێوچوونی. لەو بڕیارەدا سەدام داوا لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای نەوتی باکور دەکات کارمەندانی کۆمپانیاکە لە "کەمینە ناعەرەبییەکان" بەتایبەتی "کورد و تورکمان" لە ١ نیسانی هەمان ساڵەوە خانەنشین بکرێن.. لە تەک دەرکردن و گوند وێرانکردن کردەوە خراپەکانی گاردی نەتەوەیی بەعس "حرس قومي" لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٦٣ گەلێ کرێکار و کارمەندی کوردیان ناچار کرد دەستبەرداری کارەکانیان بن و لە کەرکوک نەمێنن. بە پێی هەندێ سەرچاوە لەو ساڵەوە تا ناوەڕاستی هەشتاکان ژمارەی ئەو گوندانەی لە نزیک بیرە نەوتەکان بوون و وێران کران گەیشتە(٧١) گوند. هەر لە ساڵی ١٩٦٣دا سەدان ماڵی کورد لە گەڕەکی کۆماری"عەرەسە" وێران کران و خەڵکەکەی ناچار کران لە شار دەرچن و پەنا ببەنە بەر ئاواییەکانی پارێزگای کەرکوک. هەر نەوت و داهاتەکانی بوو هەردوو بلۆکی دژ بەیەکی کردبوو بە دۆست و هاوپەیمانی سەدام و ڕژێمەکەی، دونیای بەرژەوەندی خوازیشی لە بەرامبەر تاوانەکانی بێدەنگ کردبوو. کڕینی چەکێکی زۆر لە ڕووسیا و فرەنسا هەر دوو بەرەی ناکۆکی کردبووە هاوکار و پاڵپشتی ڕژێمی سەدام حوسێن بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی ئێار و عیراق. هەر بە پارەی نەوتیش سەدام حوسێن هەزاران ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداری بێ وێژدانی لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوا کڕی، کە تا دوا ڕۆژ بەرگرییان لە ڕژێمەکەی کرد. تەنانەت لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، کاتێ گەمارۆی ئابوری خەڵکی عیراقی دەهاڕی سەدام لە ڕێگەی کۆبۆنی نەوتەوە خەریکی کڕینی ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەداران بوو لەو وڵاتانە . لە ناوخۆی عیراقیش هەر داهاتی نەوت بوو ڕژێمی بەعسی کرد بە خاوەن سوپایەکی زەبەلاح کە دوا بەرهەمەکانی پیشەسازی جەنگ و وێرانکاری لە بەر دەستدا بوو. لە سەر ئاستی دەزگاکانی ئاسایش و تۆڕی هەواڵگریش ڕژێمەکەی سەدام نموونەی لە دونیا دەگمەن بوو. ئەو داهاتە زۆرە یارمەتی دابوو دەسەڵاتی ترسناکی خۆی بەسەر بە هەموو کونجێکی عیراقدا بسەپێنێ، هەموو نەیار و دەنگە جیاوازەکان لە نێو ببات. لەم کارەدا دەیان جۆر دەزگای ئاسایش، هەواڵگری و ڕێخستنەکانی حیزبی بەعس ئامێری بەهێز بوون بۆ چەسپاندنی باری ترس و تۆقاندن بە سەر کۆمەڵگادا . ئەوە داهاتی نەوت بوو دەستی ڕژێمی کردەوە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا(٣٦) گەڕەکی عەرەبی نوێ لە شاری کەرکوک و دەیان کۆمەڵگەی عەرەبی لە پارێزگاکە دروست بکات. کەرکوک و دەیان کۆمەڵگەی عەرەبی لە پارێزگاکە دروست بکات. ئەمە لە کاتێکدا بەر لە گەیەشتنی بەعس بە دەسەڵات تەنها گەڕەک ونیوێکی عەرەبی لە شاری کەرکوک هەبوو. بەعس بۆ ئەوەی سیمای ڕاستەقینەی کەرکوک تێک بدات هەرچی ناوی تۆخی عەرەبی و دروشمی تایبەت بە خۆی هەبوو لەو گەڕەکانەی نا وەک: "كرامة، البعث، ١٧ تموز، الوحدة، الحرية، العروبة، النصر، القادسية، واحد آذار، واحد حزيران، الميلاد، المنصور، ٧نيسان، قرطبة، تونس، عدن، صدام، المعتصم، الأمين، الشهداء، الواسطي، النخوة، الصقور، الرشيد، المأمون، الحجاج، المجزرة، الفاروق، الخضراء، الزوراء، غرناطة، الخلفاء، بدر، عدنان، تسعين و سعد ." هەر داهاتی نەوت بوو ئەوەی بۆ ڕژێمی سەدام مەیسەر دەکرد دەیان هەزار خێزانی عەرەب لە پارێزگاکانی تری عیراقەوە بهێنێتە کەرکوک. هەر خێزانێک پارچەیەک زەوی و زیاتر لە سی هەزار دۆلار "دە هەزار دینار"ی دەدرایە. سەرباری ئەوە ئەگەر فەرمانبەر بوایە دەگوێزرایەوە بۆ فەرمانگەکانی کەرکوک، ئەگەر بێ کاریش بوایە ئەوا دادەمەزرێنرا. ئەمانە لە ناو خەڵکدا بە "دە هەزارییەکان" نێویان دەبرا. لە بەرامبەر ئەو جیاوک و دەسکەوتانەدا دەبوایە ئەم عەرە هاوردانە تۆمارەکانی باری شارستانی خێزانەکانیان بگوێزنەوە بۆ کەرکوک، واتا بە فەرمی ببن بە خەڵکی کەرکوک. بە بڕیاری تایبەتیش ڕێگەیان لێ دەگیرا کەرکوک بە جێبێڵن و بگەڕێنەوە بۆ شار و شوێنەکانی خۆیان. هەموو ئەم کار و کردەوانە بەبێ داهاتی زەبەلاحی نەوت نەدەکران. لەم عەرەبە هاوردانەش ڕژێم سوپایەکی سیخوڕ و لایەنگری بۆ خۆی لە کەرکوک دروست کرد، کە ئەرکی سەرەکییان ئەوە بوو ژیان لە کوردانی کەرکوک تاڵ بکەن و ناچاریان بکەن شارەکە بەجێ بێڵن. ئێستا هەموو ئەمانە بەسەر گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە توندڕەوە عەرەبییەکاندا دابەشبوونە و بەشێکی زۆریان چوونەتە ڕیزی حەشدی شەعبییەوە و سوننەکانیش لە ڕیزەکانی حەشدی عەشایەریدان. ئەمانە تا دەستیان دەڕوات دوژمنایەتی کورد دەکەن و لە دژی هەر هەنگاوێک دەوەستنەوە کە باری کەرکوک ئاسایی بکرێتەوە و شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن بسڕێنرێنەوە . داهاتی نەوت دەرفەتی بۆ ڕژێم ڕەخساند گۆڕانکاری کارگێڕی زۆر لە پارێزگای کەرکوکدا بکات. ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵانی ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ دەیان بڕیاری بۆ ئەو مەبەستە دەرکرد. بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنە هێزی قانونیان هەبوو، چونکە ئەو دەزگا ناقانونییە مافی دەرکردن و جێبەجێ کردنی قانونی بەخۆی دابوو. لەو کتێبەدا کە بە ناونیشانی "بڕیارەکانی ئەنجومەنی هەڵوەشاوەی سەرکردایەتی شۆڕش، سەبارەت بە کورد و کوردستان" لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوم کردەوە. زیاتر لە(٦٠) بڕیاری ئەو ئەنجومەنەم تۆمار کردووە کە تایبەتن بە کەرکوک. ئەو بڕیارانە پارێزگای کەرکوکیان لەت و پەت کرد. تەنها وەک نموونە ئاماژە بە بڕیاری(٤١) دەکەم، کە لە ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٧٦ دەرچوو و لە دوو خاڵ پێکهاتووە. خاڵی یەکەمی تایبەتە بە دروستکردنی پارێزگایەک بە ناوی سەڵاحەدین کە لە قەزاکانی تکریت، سامەڕا، بەلەد و خورماتوو پیکدێت، لە خاڵی دوەمیشدا دەڵێت: گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوک بۆ پارێزگای تەئمیم، کە لە هەردوو قەزای ناوەندی کەرکوک و حەویجە پێکدێت. گۆڕینی ناوێکی دێرین و پارێزگایەکی گرنگی وەک کەرکوک بەو شێوە گاڵتەجاڕییە مایەی پێکەنینە. بەعس گۆڕینی ناوی کەرکوک و دابڕاندنی قەزا کوردییەکانی وەک ڕووداوگەلێکی کارگێڕی زۆر بێ بایەخ ڕادەگەیاند. پێشتر بە پێی بڕیاری (٦٠٨) قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار و کفری لە کەرکوک دابڕاندبوو، یەکەم و دووەمیان خرابوونە سەر سلێمانی و کفریش خرابووە سەر دیالە. بڕیارەکانی دیکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوەی سەبارەت بە کەرکوک هەموو بوارێکیان گرتۆتەوە، لە دەست گرتن بەسەر زەوی و زاری کوردا تا دەگاتە دروستکردنی قەزا و ناحیەی تازە لە پارێزگای کەرکوک. بڕیارەکان ئەم ژمارانەیان هەڵگرتووە: ١٣٦، ١٣٧، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٠٣، ٣٨٤، ٤٦٠، ٤٦١، ١٣٩١، ٣١، ٣٥٤، ٢٢٦، ٣٦٩، ٦٠٦، ٦٠٧، ٦٠٨، ١٣٨١، ٣٢، ٣٣، ٤١، ٧٢، ١٨١، ٣١٨٦، ١١٩٤٤، ٢٥٦، ٨٢٤، ٩٤٥، ٤٨٩، ٩٠٠، ٩٠١، ٩٤٩، ٦٥٢، ١٣٤، ٣٤٧، ٥٧٣، ٦٤٦، ٩٧٤، ٤٧٥، ٤٨٠، ٢٣٢، ٢٣٣، ٦٦٨، ٧٣٧، ٩٧٢، ٦٥٠، ١٢٥١، ٤٣٧٦، ١٢٢، ٤١٨، ١٢٥٥، ٤٢، ٥٢٩، ٤٣٤، ٩٧، ٧٤، ٢٣٥، ٧٦، ١٣٧، ٢٤٥ . کاربەدەستانی عەرەبی عیراق لە کوردستان و بە تایبەتی لە کەرکوک هەموو "شکستەکانی!!" مێژووی دوور و نزیکی خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هەمیشە دەیانوێت تۆڵەی ئەو شکستانە لە کورد بکەنەوە. هەزاران ناوی عەرەبی قوحیان بە سەر گەڕەک، شەقام، قوتابخانە، نەخۆشخانە و دامەزراوەکانی دیکەی کوردستاندا سەپاند، ئامادەیی کوردستان لە کەرکوک کرا بە "عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان". لە گەڕەکی ڕەحیماوای کوردیش لەدەستدانی ئەندەلوسیان بیر کەوتەوە، بۆیە بۆ ماوەیەک ڕەحیم ئاوا کرا بە ئەندەلوس. خۆزگە یەک لە سەدی ئەوەی لە ئەندەلوس هەیە بۆ ڕەحیمائاوایان دەکرد. کەرکوکیان بەشیوەیەک شێواند کەس نایناسێتەوە . پێش شاڵاوی ڕاگەیاندراوی بەعەرەبکردن، وەبەرهێنان لە بواری نەوتدا بووە هۆی گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی شار و هاتنی بە لێشاوی دەیان هەزار کرێکار و کارمەندی عەرەب و ئاسوری. بەرهەمی ئەم پرۆسەیە گۆڕینی دیمۆگرافیای شار بوو کە ئاکامی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی زۆری لێ کەوتەوە. ساڵی ١٩١٩ کۆی دانیشتوانی شاری کەرکوک بە ١٩ هەزار کەس دەخەمڵێنرا، ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٢٧ گەیشتە ٣٥ هەزار کەس. تەنها بیست ساڵی دوای ئەوە و بە پێی سەرژمێری ١٩٤٧ ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک گەیشتە ٩١٥٨٢ کەس و دە ساڵ دواتریش گەیشتە ٢٢١٨٥١ کەس، واتا ١٣٠٢٩٦ کەس زیاتر لە ساڵی ١٩٤٧. ئەم هەڵکشانە ناسروشتییەی دانیشتوان، کەرکوکی دەخستە دوای بەغداوە لە زیادکردنی نائاسایی ژمارە و ڕێژەی دانیشتواندا. ئەوانەی بە پێی سەرژمێری ١٩٤٧ لە دەرەوەی لیوای کەرکوک لە دایک ببوون ژمارەیان ١٨٣١٥ کەس بوو، لە کاتێکدا دە ساڵ دواتر واتا لە ساڵی ١٩٥٧ ژمارەیان گەیشتە ٢٦٦٩٧ کەس. پەیدابوونی گەڕەکی نوێی وەک عەرەفە، نەوتی کەرکوک، گەڕەکی وێستەگە، ئەڵماس ...تاد تەنها ئاماژەیەکی بچووکی ئەم گەشەکردنە بوون. بە گشتی لە ساڵانی ١٩٢٧ تا ١٩٧٢ ژمارەی ئەوانەی لە دەرەوەی لیوای کەرکوکەوە هێنرانە کەرکوک بۆ کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان گەیشتە ٣٩ هەزار کەس. ئەمانە و نەوەکانیان کە دەکەنە دەیان هەزار کەس ئەمڕۆ بە دانیشتووی ڕەسەنی کەرکوک لە قەڵەم دەدرێن. ئەوانەی لە چوارچیوەی سیاسەتی بە عەرەبکردنا لە شەستەکانەوە و بە تایبەتی لە حەفتاکان، هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا هێنران بە نەوەکانیانەوە چەند سەد هەزار کەسێک دەبن. لە ئەنفالیشدا پارێزگای کەرکوک بەشی شێری بەرکەوت. ئەنفالی سێ "٧ نیسان بۆ ٢٠ نیسانی ١٩٨٨" کە سنووره جوگرافی و مێژووییەکانی پارێزگای کەرکوکی گرتەوە سامناکترین قۆناغەکانی ئەنفال بوو. دەیان هەزار کەس بێ سەر و شوێن کران و هەزارانیش لە کاتی پەلامارەکاندا کوژران، زیاتر لە هەزار ئاواییش تاڵان و وێران کران. کەرکوک و ئەنفال بابەتێکی دوور و درێژە و لێرەدا جێگەی نابێتەوە. تەنها دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەنفالیش لە سەر هەموو ئاستەکان بەرهەمی ڕاستەوخۆی نەفرەتی نەوت بوو کە کوردی بە گشتی و کوردی کەرکوکی بە تایبەتی گرتەوە.

# کاتێك نووسەرێکی بە ئەزموونی وەك محەممەد فەریق حەسەن باسی ڕۆمان و چیرۆکی منداڵان دەکات...!

## چیرۆکی منداڵان





چەندان کەسیەتیی پەرەوەردەکار و نووسەری دیار لەم دونیایەدا هەن، لەپاڵ چەندان کۆهەقایەتدا، کە ڕێیان بۆ هێنانە ئارای چیرۆکی منداڵ خۆش کردووە، وەک جان جاک ڕۆسۆ (١٧١٢–١٧٧٨)، کە گرنگیی بە کەسیەتیی منداڵ و پەروەردەی منداڵ داوە.



وەرگێڕانی کۆحیکایەتی هەزارویەک شەوە بۆ سەر زمانەکانی دونیا و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا، هاندەرێک بووە, بۆ نووسینی چیرۆکی منداڵان. لەم سەرچاوەیەوە دەیان دەق ئامادە کراون، کە تا ئێستایش بەهای خۆیان لەدەست نەداوە. نووسەرانی خۆرئاوا سوودی زۆریان لە حیکایەتەکانی لاڤۆنتین و ئیزۆب و برایانی گریم وەرگرتووە. ئەوان لەم سەرچاوانەوە چەندان چیرۆکی وەک دۆتمیری نوستوو، قۆچکە سوور و بەفەرە سپی- یان، ئامادە کردووە، کە تاکو نهۆیش بە پەرۆشەوە لەلایەن منداڵانی جیهانەوە دەخوێنرێنەوە. وێڕای نووسەرانی وەک چارلز پیرو (١٦٢٨–١٧٠٣) لە وڵاتی فرانسە و هانس کریستیان ئەندەرسن (١٨٠٥– ١٨٧٥) لە شانشینی دانیمارک، کە خۆیان ناوەکەی بە هۆ سی ئەنەس گۆدەکەن. چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەی دواییان، کە بەزۆری دەقەکانی لە کەلەپوورەوە ئامادە کردوون، تا ئێستایش ئەو دەقانە هەر زیندوون و بۆ زۆر زمانی دونیاش وەرگێڕدراون، بە زمانی کوردیشەوە...

لە کتێبی: ئەوساو ئێستای چیرۆکی منداڵان-ەوە

## ڕێگا، چۆن ڕۆمانێکە؟




"یەکێک نەتوانێ خۆی ڕزگار بکات، چۆن دەتوانێ بیر لە ڕزگارکردنی ئەوانی دیکە بکاتەوە؟ ڕۆمانی ڕێگا"

لە سەدەی ڕابوردوودا، ژمارەیەکی کەم ڕۆمانی خۆماڵی نووسراون، بە بۆچوونی من، ئەم کارەی مەم یەکێکە لە ڕۆمانە کوردییە کامڵ و دوڵەمەندەکانی ئەو سەدەیە. چۆن؟ جا من بەنیازم لێرەدا بەکورتی وەڵامی ئەم "چۆن"ە بدەمەوە.

لەم کارەدا تۆ دەتوانی ژمارەک کورتەچیرۆک بدۆزیتەوە کە لە ڕووی هونەرییەوە کامڵن و لەم ڕۆمانەدا جێیان بۆ کراوەتەوە و مکۆم بە تەواوی دەقەکەوە پەیوەستن و کارەکەیان دەوڵەمەند کردووە، نەک بارگران. بیرت بێ، مەم بەرلەوەی ڕۆمان بنووسێ چیرۆکنووس بووە. وەک نووسەرانی دونیا دوای ئەزموونێکی زۆر لەمەڕ ئەدەبی گێڕانەوە، ئەوجا ڕۆمانی نووسیوە.

بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆمانەکەی، سوودی لە بەیت و گۆرانیی کوردی بینیوە. ئەو دایکی جەمال و کاوێس ئاغای هێناوە. ئەم دوو گۆرانیبێژە هەر یەکە بە شێوەی خۆی دەقەکەی بە ئاهەنگ و مۆسیقا بارگاوی کردووە. دایکی جەمال باسی ئاغاو کۆنیاک خواردنەوە دەکات. ژیانی شاهانەی بەرپرسێکی ئیداریی ئەو زەمانە بەرجەستە دەکات، کە زۆرینەی خەڵک برسی و هەژار بوون. خۆیشی میوانی مودیر بەگە. لەم لایشەوە کاوێس ئاغا هەیە، کە دەچریکێنێ و بەشێوەی خۆی مێژووی شۆڕشی شێخ مەحموودی حەفید دەگێڕێتەوە...تاد

# "کێشەکانی تێکەڵاوبوون (ئینتەگرەیشن-Integration)ی بێگانە لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا"




مەبەست لە وشەی ئینتەگرەیشن واتە خۆگونجاندن، تێکەڵاوبوون یاخود ئاوێتەبوونی کەمینەی بێگانەیە لە زۆرینەی کۆمەڵگەدا. ئەم پرۆسەیەش زیاتر تایبەتە بەو کۆمەڵگانەی کە بە فرەکولتوری ناوزەدەکرێن و لە وڵاتانی دیکەوە خەلکی بە مەبەستی نیشتەجێبوون کۆچی بۆدەکەن. لێرەدا بە کۆنکریتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی دیاریکراو لە کێشە و گرفتەکانی ئەم پرۆسەیە دەکەین:

١- فێرنەبوونی زمان (بە تایبەت خوێندنەوە و نووسین) نەک تەنها فێربوونی ئەوەی پێی دەڵێن "زمانی سەرجادە"!

٢- خۆنەگونجاندن لەگەڵ کولتوری بەرامبەردا و بەچاوی گومانەوە لێڕوانینی و خۆجیاکردنەوە و نیشتەجێبوون لەو گەڕەکانەدا کە زۆرینەی بێگانەن.

٣- پەنابردنە بەر کاری ڕەش و تێنەگەیشتن و هەزمنەکردنی ئەرکی "باج"دان کە دەبێت لەکاتی بەدەستهێنانی هەر دەستکەوتێکی ماددیدا بەوێنێ زۆری و کەمی داهاتەکە باج بدەیت.

٤- پەنابردنە بەر خۆنەخۆشکردن و وەرگرتنی مۆڵەتی درێژی نەساغی و لە دواجاردا خۆخانەنشینکردن. هاوزەمان کارکردن لە دەرەوەی سیستەم و کۆکردنەوە بە ڕێگەی نایاسایی.

٥- قەدەغەکردنی کچ و کوڕان لە تێکەڵاوبوونی کولتوری بەرامبەر و بەجۆرێک جاری وایە دەگاتە ڕادەی بۆ نموونە قەدەغەکردنی کچان لە وەرزشکردن، مەلەکردن، گەشتکردن، میوانداریکردن... تاد.

٦- تەماشاکردنی وڵاتی نیشتەجێ، وەک نیشتمانێک بۆ کۆکردنەوەی پارە و دەستکەوتی تایبەتی و هاوکات نەبوونی هیچ دڵسۆزی و وەلائێک بۆ ئەو وڵاتە.

٧- ڕوانینە ئەو وڵاتانە وەک دەروازەیەک بۆ حەوانەوە، نەک مومارەسەکردنی ژیان وەک خۆی، کە بریتییە لە هەوڵدان و کارکردنی بەردەوام.

٨- فێڵکردن لە سیستەمی خۆشگوزەرانی وڵات بەوەی بۆ نموونە ژن و پیاوێک لای دەوڵەت دەڵێن جیابووینەتەوە لەپێناو ئەوەی دوو شوێنی نیشتەجێبوون وەربگرن و دەستکەوتی ماددی زیاتر بۆخۆیان ببەن.



تاریق هێـــدی

٩- بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵەکانیان، کە زۆرجار دەگاتە ئەوەی ڕێکخراوەکانی منداڵپارێزیی ئەو منداڵانەی ڕووبەڕووی توونوتیژی دەبنەوە لە دایک و باوکیان بستێننەوە و لە خانەی "منداڵگرەخۆ" نیشتەجێیان بکەن.

١٠- زۆر لە گەورەساڵانی بێگانەی هاتوو بۆ خۆرئاوا لە بناغەدا بە فیلتەری جۆرە پەروەردەیەکدا ڕۆیشتوون کە تەواو جیاوازە لە پەروەردەی ئەو وڵاتانەی بۆی هاتوون. بە کورتی ئامادەنەکراون بۆ مومارەسەی ژیان لەو نیشتمانەدا.

جێی ئاماژەکرنە بڵێین، کە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا سیاسەت و پلانی فراوانیان هەیە بۆ تێکەڵاوکردنی بێگانەکان، ئەویش لە ڕێگەی کۆرسی زمان و کۆرسی پێدانی زانیاریی دەربارەی کۆمەڵگە و کولتور یاخود لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نامیلکە و ڕەخساندنی بواری کار و خوێندنەوە.

تێبینی: ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو باس و مەبەست لە تێکەڵاوبوون و خۆگونجاندنە، نەک تواندنەوە (Assimilasjon) لە کولتوری بەرامبەردا.



# پەندی پێشینانی نەتەوەکان، پەندە نێونەتەوەییەکان
# پەڕتووکێکی نوسەری هۆڵەندی (خێرد دە لێی)



**وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە:بەختیار شەمەیی**

بەشی دووەم

هەر کەسێک نەتوانێت گاز بگرێت، نابێت ددانەکانیشی دەربخات.

هەر کەسێک بۆ کەسێکی دیکە بپاڕێتەوە، ئەوە یارمەتیی خۆی دەدات.

ئەگەر شتێکی باش، شتێکی باشتری بەدوادا هات، ئەو شتە هەرگیز وەکو پێویست باش نەبووە.

ئەو بەڵێنەی کە جێبەجێ ناکرێت، شتێکی خراپی بۆ ژیان بەدواوە دەبێت.

شوێنی نووستنت بە چ شێوەیەک چاک بکەیت، هەر بەو شێوەدەخەویت.

ئەگەر هیچ چارەیەکی دیکەت نەبوو، لە هیچ شتێک مەترسە.

ئەگەر نوێژکردن باش بووایە بۆ ژیان، خەڵکیان بۆ بەکرێ دەگرت.

پەندە ئەفریکاییەکان:

خەڵک لایان وایەکە هەژارەکان وەکو زەنگینەکان ژیر نین، چونکە ئەگەر کەسێک ژیر بێت، ئەی بۆچی هەژارە؟.

خۆڵەمێش هەمیش دەچێتێتەوە بە سەروچاوی ئەو کەسەدا کەپەرشوبڵاوی دەکاتەوە.


هەرکەسێک لە هەرشتێک بترسێت، ئەو شتە دەسەڵاتی بەسەریدا پەیدا کردووە.

دەرۆزەکار پێی ناخۆش نییە کە سوکایەتیی پێبکریت.

شەڕ لەگەڵ دوژمنی ژیردا، ئاسانترە لە ئاشتی لەتەک هاوڕێی گەوجدا.

یەکەمین شت خۆراک، پاشان ئایین.






لەگەڵ دوژمنەکانتاندا بەئارامبن و لەتەک برادەرەکانیشتاندا بەخشندە.

دەگونجێ سێ جار سووکایەتی پەسەند بکەیت، یەکەم جار بەرێکەوت، دووەم جار بەهەڵە، سێیەم جار رەنگە خۆت مەبەستت بێت.

باران بەسەر لوتکەکاندا دەبارێت، بەڵام دۆڵەکان شەڵاڵی ئاو دەبن.

ئەوکەسەی پەیام دەگەیەنێت دەبێت بترسێت نەک ئەوکەسەی کەپەیامەکەی بۆدەچێت.

ئەو درەختەی لەخۆت بچوکتر بێت، سێبەرت پێنابەخشێت.

ئەو درەختەی پێشوازیی لە رەشەبا بکات، بەلادا دەکەوێت.

خۆشەویستیی برایانەتەنها لەنێوان ئەو برایانەدا هەیە کە وەکو یەک زەنگینبن.

ئەوانەی کە بیری ئاو هەڵدەکەنن، خۆیان هەرگیز ئاوی لێناخۆنەوە.

ئاو تەنێ لەسایەی کانییەوە دەتوانێت رێگای خۆی بگرێتەبەر.

هەتا ئەوکاتەی مێژوونووس لەنێو ئاژەڵەکان خۆیانەوە پەیدا دەبێت، راوچییەکان لەنێو چیرۆکەکانی راودا هەر بەرێزەوە ناودەبرێن.

شتەبچوکەکان، شتە گەورەکان پێک دەهێنن.

هەرگیز مردووەکان لەنێو زیندووەکاندا نابینیت.

ماوێتی

# (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بە زمانی گۆیتە و شیلێر




بەکر شوانی

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١ی ئەم مانگە لە شاری زیگبورگ ئامادەی ئێوارە کۆڕێکی زۆر تایبەت و نایاب بووم کە بۆ زانای زمان و ئەدەب، نووسەر و توێژەر پ. د. فەریاد فازیل عومەر ساز کرابوو بە مەبەستی ناساندنی کتێبی داستانی مەم و زین کە لەلایەن بەڕێزیانەوە کراوە بە ئەڵمانی و ڕۆژی ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ لە ئەڵمانیا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




لە کۆڕەکەدا د. فەریاد بە وردی باسی بیرۆکە و هەنگاوەکانی وەرگێڕانی مەم و زینی بۆ زمانی ئەڵمانی کرد و بە زمانی ئەڵمانی و لە ئاستێکی زۆر باڵادا، ئامادەبووانی پەلکێش کرد بۆ ناو دنیای ئەدەبیاتی کوردی و شاکاری مەم و زینی ئەحمەدیٚ خانی. من لەویٚ دانەیەک لە کتێبەکەم کڕی و لەم ڕۆژانەدا دەستم بە خوێندنەوەی کرد. هەر لەگەڵ خوێندنەوەی چەند بەشێکی سەرەتادا باشتر حاڵی بووم کە بۆچی د. فەریاد لە کۆڕەکەدا گوتی ئەو شاکارەی بە زمانی گوێتە و شیلێر بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕاوە!



وەرگێڕ زمانێکی شاعیرانەی هێندە ناسک و جوانی بەکارهێناوە کە خوێنەر ناچار دەکات بەیت لە دوای بەیت لەگەڵ داستانەکەدا بڕوات و ئارەزوو دەکات تا بەیتی ژمارە ٢٦٥٥ کە دوایین بەیتی داستانەکەیە، بەردەوام بێت و ڕانەوەستێت.








د. فەریاد بەم کارە نایاب و ناوازەیە، لەلایەک ڕوحی ئەحمەدیٚ خانیی شاد کردووە و خزمەتێکی زۆر گەورەی بە ئەدەب و کولتووری کوردی کردووە و لەلایەکی تریش، مەڵۆیەکی گەورەی خستووەتە سەر خەرمانی ئەدەب و کولتوور و زمانی ئەڵمانی. پێشنیار بۆ هەموو هاوڕێیانی ئەڵمانیزان دەکەم کتێبی "مەم و زین" بە زمانی ئەڵمانی بە دەست بخەن و چێژ لەو داستانە گەورەیەی مرۆڤایەتی وەربگرن. هەروەها ئەم کتێبەی بەرهەمی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین شایەنی ئەوەیە وەک دیاری و بەوپەڕی شانازییەوە پێشکەش بە دۆست و هاوڕێیانی ئەڵمان و کەسانی ئەڵمانیزان بکرێت. مەم و زین یەکێکە لە زنجیرەی کۆمەڵێک کاری زاستی و بەهادار کە دامەزرێنەر و سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین پ. د. فەریاد فازیل عومەر بە زمانی کوردی (هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست و سەروو) و زمانی ئەڵمانی بەرهەمی هێناون. لە کۆمێنتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا چەند لینکێکم داناوە بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە ئینستیتووتی خوێندنی کوردی بەرلین و د. فازیل و کارەکانی.

## هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد




## عوسمان نەسرەوت


ساڵی 1966 لە قەڵادزێ لە دایک بووە، ساڵی 1987 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواو کردوە، بەشداری لەزۆر پێشانگای هاوبەشدا کردووە، لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، لەوانە بەشداری یەکەم پێشانگای دوای ڕاپەرین، لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر ساڵی 1991، هەروەها یەکەم پێشانگای یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە هەڵەبجە ساڵی 1992، پێشانگای 12 هونەرمەندی پەناهەندە لە ئەمریکا، لە شاری ریچمۆندی پایەتەختی ڤێرجینیا، هونەرمەند لە زۆربەی فێستڤاڵەکانی ساڵانەی شاری هاریسنبەرگ بە کۆمەڵیک تابلۆ بەشداری کردووە. بەشداری بیستەمین فیستڤاڵی جالای یابانی کردووە لە تۆکیۆ، هەروەها بەردەوامە لە کارو چالاکی هونەری، ماوەی 22 ساڵە لە ئەمریکا دەژی.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/osman.nasrawt.1/photos_all?sk=wall&lst=100001818168085%3A100004237150204%3A1550446994









# تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807